یەک حوکمانی و دوو ووڵات؛ هاوکێشەی تانکاری و ناکردن لە بەرپرسیارێتی.. ڕەبوار یاسین فەتاح

حوکمرانی لە هەرێمی کوردستان مێژوویەکی درێژی لە تەمومژ و دژبەیەک کایەی سیاسی هەیە، بەتام کابینەی نۆیەم تاقیکردنەوەیەکی بوونە بوو لە بەباکی و چەواشەکاریی سیاسی، کە تێیدا هەردوو حزبی دەسەڵاتدار (پارتی و یەکێتی) لەهاتوویی خۆیان لە دابەشکردنی دەستکەوتەکان و ناکردن لە بەرپرسیارێتی نیشاندا. مەدلێلی "شەریکایەتی لە بەشینەوەی سامان و ئەپڕزسیۆن بوون لە کاتی تەنگانەدا" بووتە گەورەترین پەتایەک، کە متمانەی هاووڵاتی بە دامەزراوەکانی دەوڵەت بە تەواوی وێران کردووە. شەقامی چەوساوەی کوردستان چیتر ناچێتە ژێر باری ئەم یاریە دووفەرمییە، و کاتی ئەوە هاتووە ووبەرووی ئەم ناستییە تاڵە ببینەوە.

پارتێک کە خۆی بە خاوەنی هەڵها دەزانێت و یەکێتییەک کە لە ناو ماڵەکەدا بەخنە دەگرێت

سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لەم کابینەیەدا لەسەر بنەمای قەرخکاریی بەیاری سیاسی و ئابووری داڕشتراوە. ئەوان هەمیشە وای نیشان دەدەن کە جومگەکانی دەسەڵات تەنها لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندا دەتوانێت بەڕێوە بچێت، و کاتێکیش حکومەت تووشی بنبەست یان قەیرانی دارایی دەبێت، پەنجەی تەمەت بە لایەنەکانی تر یان دەستوەردانی دەرەکی هادەکشن. ئەم دیدگا سەرەتاییە شەریکەکانی تری حکومەتی کردووتە پاشکۆ، و پرسەی حوکمرانی لە دامەزراوەییەوە گۆڕی بە حزبیی-خێزانی.

لە لایەکی تری هاوکێشەکەوە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جارێ نمایشێکی سیاسی پشکنەر دەکات کە تەنها دەکرێت ناوی بنرێت "شکی هۆشیاریی درەنگوەخت". ناکرێت بە ماوەی چەندین ساڵ وەزیرەکانت لە بەرزترین پۆستی وەزاری، دارایی و ئەمنیدا بن، تەواوی ئیمتیازات و بودجەی زەربەی زەری جومگەکانی زەنی سووز ببێت، بەتام کاتێک شەقام دەکوێت و کاتی هەڵبژاردن دێت، یەکسەر خەبەر بتەوە و

بەیت: "ئەم کابینەیە شکستخواردوو و ماوە بەسەرچووە!"

ئەم گوتارەی یەکێتی پێچەوانەی سەرتاییترین بنەماکانی لۆژیک و زانستی سیاسییە. ئەگەر کابینەکە بەسەرچووە، ئەی شەرعیەتی وەزیرەکانی تە لە کوێوە دێت؟ ئەگەر کابینەکە شکستخواردووە، واتا وەزیرەکانی تەش بەشکن لەو شکستە گەورەیە. ئەم ستراتیژییەتە تەنها هەوێکی هەرزانە بۆ خەدزینەوە لە بەرپرسیارێتی مێژوویی ئەو داماناە ئابووری و کۆمەڵایەتییەی کە بەسەر هەرەمدا هاتووە.

سێ جومگەی تاڵانکاری: نەوت، مووچە، و خەڵکی سنووریەکان

ئەم دووفەرمییە مەدیایە ناتوانێت ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرانە بشارێتەوە کە هەردوو حزبە پێکەوە بەرپرسیارن لە سێ گەورەترین قەیرانی ژیانی خەڵک:

دەسیەی نەوت و داهات: پارتی بە سیاسەتی سەربەخۆی ئابووری و گرێبەستە نادیارەکانی، دەسیەی نەوتی گیاندە بنبەست، تا دواجار بەغدا دەستی بەسەردا گرت. لە بەرامبەردا، یەکێتی نەک هەر تەنها هاوبەش بوو، بەڵکو داهاتە ناوخۆییەکانی زانی سەوزی وەک خەزنەیەکی تایبەتی حزب بەکارهێنا و ڕادەستی گەنجینەی گشتی نەکرد.

قەیرانی مووچە و بژێوی: فەرمانبەران و هاووڵاتیان کراونەتە بارمتەی ململانێی سیاسی نێوان هەولێر و بەغدا. لە کاتێکدا خەڵک لە بەمووچەیدا دەناڵێنێت، نە پارتی و نە یەکێتی ئامادە نین چاکسازی ڕاستەقینە لە لیستی ناوی "بندیوارەکان" و خانەنشینە حزبییەکانی خەیاندا بکەن، کە بودجەی گشتییان هاڵەشیو.

قاچاخچییەتی و خەڵکی سنووریەکان: دەروازە سنووریەکانی هەرێم لە حاجی ئۆمەران و ئیبراهیم خەلیلەوە تا پێرۆزخان و باشماخ، لە جیاتی ئۆوەی ببنە سەرچاوەی بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری، بوونەتە مەڵگەی دەوڵەمەندبوونی کۆمپانیا سەبەرەکانی هەردوو خێزانی دەسەڵاتدار. قاچاخچییەتی ڕێکخراو و سەرانەستاندن لە بازرگانان، داهاتی گشتی کردووەتە پشکی حزبی.

کاتی ڕاپەڕینی هەشیاریی شەقامە

ئەم شەڕە مەدیایە تونده و ئەم هەرشە دوولایەنەیەی نێوان پارتی و یەکێتی تەنها شانۆگەرییەکی داڕژراوە بۆ ڕاکێشانی سۆزی دەنگدەران

لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا. پارتی دیموکراتی خەڵکی وەک پارێزەری تاکە و قەوارەی هەرێم نیشان بدات، و یەکێتیش دیموکراتی وەک دەنگی ناڕازیتیی زەنی سووز خەڵکی بسەپێنێتەوە.

ڕاستییەکە ئەوەیە: کاتێک کەبوونەوە داخراوەکان دەستپێدەکەن و کاتی دابەشکردنی پۆست و پشکی کەمپانیا حزبییەکان دێت، ناکۆکییەکان نامێنن و هەردوولا دەبنەوە بە یەک جەستە. شەقامی ناڕازی و هێزە ئۆپۆزسیۆنە ڕاستەقینەکان دەبێت ئەم هۆشیارییە بەاو بکەنەوە کە چاکسازی بەم دەسەاتە پشکپشکێنییە ناکرێت؛ ئەوەی هەیە تەنها ململانێیە لەسەر مانەوە لە دەسەات و پاراستنی ئیمپراتۆریەتە دارایەکانیان لەسەر حسابی بژێوی، مووچە و داهاتووی هاووڵاتیانی کوردستان. چیتر کاتی بەدەنگی نییە؛ دەبێت ئەم "بانگە و دوو هەوایە" لە ڕێگەوە هەڵبگیرێت.

ریبوار یاسین فەتاح